# شێخێکی میسری نامەیەکی لە پێغەمبەرەوە (د.خ) بۆ حوسنی موبارەک پێیە

## بە قسەی شێخە ئەو نامەیە، داوای گۆڕانکاری لە موبارەک دەکات



بەرپرسـێکی میسـری لـە وەزارەتی ئەوقافی ئـەو وڵاتـە، رایگەیاند: کەوا نامەیەکی پەیامبەری ئیسلامی پێیە، بۆ سەرۆکی ئەو وڵاتە (موحەممەد حوسنی موبـارەک) و لەو وەختـەوە، هەوڵێکی زۆری داوە، بەڵام نەیتوانیوە، سەرۆکی میسـر ببینێت و لە ناوەڕۆکی نامەکەی ئاگاداری بکاتەوە.

ئەو بەرپرسە میسرییە، کە ناوی (حوسێن موحەممەد سـەعدەدین)ە، سـەرۆکی بەشی رۆشـنبیریی و کاروباری قورئانە لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەوقافی دەقهلیە (شارۆچکەیەکی ممیسـری)، رایگەیاند کەوا رێگای جیـاوازی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی سـەرۆکی میسـر لە ناوەڕۆکی نامەکـەی پێغەمبەری ئیسـلام ئاگادار بکاتەوە، لێ تا ئێسـتا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

رۆژنامەی (میسری ئەمرۆ) لە زاری ئەو شێخە دەگێڕێتەوە (( پەیامبەر (د.خ) ئـەوە نزیکـەی پێنج جـارە، لەکاتی جیـاواز، دێتە خەونم. داوای لێکردووم کە ئاگاداری حوسنی موبارەک بکەمەوە، بەکۆمەڵێک خاڵی گرینگ و هەمەجۆر. لە دوا روئیاشم، جەختی لەسەر کردمەوە، کە بـە زووترین کات ببینم و قسـەی لەگەڵ بکەم)).

شـێخ درێژەی پێ دەدات و دەڵێت « چەندان نامە و فاکس و تێلێگرافم بۆ سـەرۆک رەوانە کردووە، بۆ ئەوەی لە دیدارێکـی تایبەت، بە تەنیـا لەگەڵی دابنیشـم و ناوەڕۆکـی پەیامەکەی پێ رابگەیەنم، بەڵام بەداخەوە بێسوود بووە و نەمتوانیوە تا ئێستا ببینم».

سـەرەڕای ئەوەی ئەو شێخە تا ئێستا نێوەڕۆکـی نامەکـەی بەتـەواوی بۆ کـەس نەدرکاندووە، بەڵام لە بەشـێک لـە درکاندنەکانی دیـارە، کە پەیامەکە زەروورەتی چاکسـازی و جێبەجێکردنی شورا و سازدانی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی سـەربەخۆیی پەرلەمانـی، لـە خـۆ دەگرێت.

هەروەها بەشـێکی ئەو پەیامەش ئەوە لە خۆ دەگرێـت، کەوا داواکاری گۆڕینی کەسـانی دەوروبەری سـەرۆکی تێدایە، لەگەڵ چارەسەرکردنی گرانی بازاڕ.

ئـەو رۆژنامەیە، پرسـیاری ئـەوەی لە شـێخەکە کردووە، لە ئەگەری هەبوونی ناوەڕۆکی پەیامەکە بـەوەی داخوا هیچ شـتێکی تێدایـە، پەیوەندار بـە هاتنە سەر دەسەڵاتی جەمال موبارەکی کوڕی سـەرۆک؟ ئەو خەوبینە، بـە بێدەنگی وەڵام دەداتەوە و دبێژێت « ئەڤ پەیامە، خێری بۆ گشت میسرییەکان تێدایە».

لە وەڵامی ئەوەی داخوا ئەوەیان بیانوویەک نییە، بۆ ئەوەی خۆی پێ بەناوبانگ بکات و بەهۆیـەوەش سـەرۆک ببینێـت، ئەو شێخە دەڵێت « کارێکی وا سووک و سانا نییـە، درۆ بە زمانی پەیامبەر بکەی، من مرۆڤێکی ئاینپەروەرم و شارەزایی تەواوم لە قورئان و فەرموودەکان هەیە، چاک دەزانم فەرموودەیـەک هەیە، باس لەوە دەکات ئەوەی درۆیەک بە زمانی پەیامبەر بکات، کورسـییەک بۆ خـۆی لە دۆزەخ چێـدەکات، بۆیەش قەت ئـەو جورئەتە لەخۆم نابینم، درۆ بەنێوی خۆشەویستی موسڵمانان بکەم»

**سەرچاوە:** rtarabic.com